# وەرزشكاران دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ دەنگی سەرۆكی كوردستان



**وەرزشكارانی كوردستان لە ئێستاوە ئامادەكارییان كردووە بۆ ئەوەی رۆژی ٩/٢٥ بكەنە رۆژێكی مێژوویی و نیشتمانی و خەونی لەمێژینەی خۆیان بەدی بهێنین و ئەو مافە رەوایە بچەسپێنن كە ساڵەهایە كوردستانییان و سەركردایەتی كورد خەباتی بۆ دەكەن و سەدان هەزار قوربانی و شەهیدی بۆ دراوە، ئەویش بە دروستبوونی كیانێكی سەربەخۆ بۆ ئەوەی ئێمەی كوردیش رۆژی دیاریكردنی چارەنووسی میللەتەمان لە مێژوودا تۆمار بكەین. دیارە هەوڵەكانی سەرۆك مسعود بارزانی لەو بوارەدا و هەماهەنگیی حزب و لایەنە سیاسییەكان لەگەڵ ئەو سیاسەتە حەكیمانەیەدا ئەو رۆژە مێژووییەی دروست كردووە كە كورد چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری بكات، وەرزشكارانیش دەیانەوێ ئەم رۆژە بكەنە كەرنەڤاڵی سەركەوتن و لەم بارەشەوە راوبۆچوونی خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان دەردەبڕن.**

كارزان كانەبی



**هەندرێن عەلی یاریزانی یانەی هەندرێن:**

وەكو یاریزانێكی كورد بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ئەو رۆژە مێژووییەم بۆ ئەوەی بچمە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگ بە بەڵێ بدەم بۆ سەربەخۆیی كوردستان و ئازاد بوونمان و ببین بە خاوەن وڵات و ئاڵای خۆمان، بە دڵ و بە گیانیش دەڵێم بەڵێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی، چونكە ئەو ریفراندۆمە پرسێكی نیشتمانییە و هیچ پەیوەندی بە كێشە سیاسی و ئابوورییەكان نییە، بەهیوای ئەوەشم سەرجەم هاونیشتمانانی كوردستان ئەم رۆژە بكەنە كەرنەڤاڵی سەركەوتن و بەدیهێنانی خەونی لە مێژیینەی نەتەوەكەمان.



**جەواد جەعفەر پاڵەوانی یاریی لەشجوانی و راهێنەری یارییەكە:**


وەكو پاڵەوانێك دەنگ دەدەم بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی كوردستان، لەبەر ئەوەی ئێمەی كورد ئەو هەموو ساڵە ئێش و ئازار دەكێشین بۆ ئەوەی ئێمەش وەكو هەموو وڵاتانی جیهان سەربەخۆ بین و خاك و ئاڵا و پاسەپۆرت و رەگەزنامەی تایبەت بە خۆمان هەبێت، دوور بین لە دەستی رژێمی داگیركەر كە ئێستا و ئێستاش كۆمەڵێكی شۆڤینی حوكمی عێراق دەكەن. داواكارم لە گشت وەرزشكاران دەنگ بە بلێ بدەن بۆ سەربەخۆیی كوردستان بۆ ئەوەی لە پاڵەوانیەتییەكان بە ناوی كوردستان و ئاڵای خۆمان بەشدار بین و سەربەخۆ بین، بە هەر دە پەنجەی دەستم واژووی دەكەم و دەڵێم: بەڵێ بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی كوردستان.



**چالاك عەلی یاریزانی بەرزكردنەوەی قورسایی هەڵبژاردەی عێراق و پاڵەوانی ئاسیا:**


من وەكو كوڕە وەرزشكارێكی كورد لە ئێستاوە ئامادەكاریم كردووە بۆ ئەو رۆژە مێژووییە بۆ ئەوەی بچمە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگ بە سەربەخۆیی و ریفراندۆم بدەم، ئامانجیشم لە دانگدان بە بەڵێ بۆ بوون بە خاوەن دەوڵەت و گەیشتن بە ئاواتەكانمانە، هیواداریشم تەواوی وەرزشكارانی كوردستان ئەم رۆژە مێژووییە بكەنە رۆژێكی نیشتمانی بۆ ئەوەی خەونی لە مێژینەی گەلەكەمان بەدی بێت، دڵنیاشم لە لایەنی وەرزشییەوە وەرزشكاران سوودێكی زۆری بۆیان دەبێت، كاتێك بەناوی وڵاتی خۆیان و لە ژێر ئالای پیرۆزی خۆمان دەچینە كێبڕكێیە نێودەوڵەتییەكان و دەتوانین بە فەرمی ئاڵای نەتەوەییمان بەرز بكەینەوە.






## فوئاد عومەر ناوبژیوانی پلە یەکی کوردستان و عێراق:

مـن وەکـو پێشـمەرگەیەك و ناوبژیوانێکـی پلـە یەکـی کوردسـتان و عێـراق، دەنـگ دەدەم بـە بەڵێ بۆ ئەوەی لەو ژێردەستەییەی چەند ساڵەی حوکمی عێراق رزگارمان بێت و ببین بە وڵاتێکی سەربەخۆ، خزمەت بە ناوی دەوڵەتی کوردستان بکەین. هەرگیز عێراق نابێتە دۆستی کوردستان کە وەکو هەرێمێکی خۆی چاودێری و سەرپەرشتیمان بکات، لەوەتەی عێراق هەبووە هەمیشە دژایەتـی کـوردی کـردووە، ئیتر ئێمـەی میللەتـی کوردیش مافی خۆمانـە دەنـگ بدەیـن بـە (بەڵـێ بۆ سـەربەخۆیی)، هیچیشـمان کەمتر نییە لەو هەرێمانەی کە لە چەند ساڵی رابردوو سەربەخۆییان وەرگرتـووە. مـن وەکـو وەرزشـوانێك پەیامێکـم بـۆ هەمـوو کوردێك هەیـە و دەڵێـم: بـا بەخـاوەن دەوڵـەت بوونی کـورد نەبەسـترێتەوە بە سەرکردەیەکی حزبی، یان تەنیا حزبێکەوە، چونکە دەوڵەت بۆ هەموو نەتەوەکەیە، نەك بۆ حزبێك، بە دەوڵەت بوون مافی خۆمانە، ئینجا هەر کەسـێك رای بگەیەنێت، دەبێ شـانازی پێوە بکەین، کەسـیش لـەوە نەترسـێت لـەدوای پرۆسـەی ریفرانـدۆم کوردسـتان دەکەوێتـە دۆخێکی مەترسیدار لە رووی قەیرانێکی قووڵتر، دڵنیابن ئەم وتانە وتـەی سـەر شـەقامی ناحەزانـە، چونکـە رێفراندۆم بە پشـتگیری گەورە وڵاتانی جیهان ئەنجام دەدرێت و لە بەرژەوەندیی کوردە، ئیتر بەسـە خوێنمژینی یەکتری، دەسـت بخەنە ناو دەستی یەکتر و بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەنگاو بنێین.



## ئارام ساڵح یاریزانی زۆرانبازی سەربەستی نێودەوڵەتی:

دەنگـدان بـە بەڵـێ لـە رۆژی ٩/٢٥ رۆژێکـی مێژوویی دەبێت بـۆ تەواوی کوردسـتانییان لە هەرکوێیەکی جیهان بن، منیش وەکو کوڕە کوردێك و پاڵەوانێکی یاری زۆرانبازی جیهانی بە دڵنیاییەوە ئەوە خەونی لە مێژینەی منە کە وەکو یاریزان لە چەندین پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی بە ئاڵای کوردستان بەشداریم کردووە، بۆ ئەو رۆژەش ئامادەکاریی تەواوم هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بچینە بەردەم سـندوقەکانی دەنگدان و بە بەڵێ دەنگ بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان بدەین، بۆ ئەوەی خەونی ملیۆنان کوردی وەکو من بێتەدی و ئێمەی کوردیش ببینە خاوەن ولاتێکـی سـەربەخۆ و ئاڵایەکـی تایبـەت بـە خۆمـان هەبێت و بتوانین لـە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییـەکان بە فەرمی بیشـەکێنینەوە، هیواداریشـم وەرزشـکارانی کوردستان ئەم رۆژە بکەنە رۆژێکی مێژوویی بۆ ئەوەی بە دەنگدانمان بە بەڵێ مافی هەموولایەك بەدەست بێت و ئاواتی گەورەی شەهیدەکانمان بێتەدیٚ.



## گوڵستان تەحسین یاریزانی تۆپی پێی یانەی گازی باکوور:

وەکـو کچـە وەرزشـکارێك چاوەڕوانـی ئـەو رۆژەم بـۆ ئـەوەی بتوانین بچینە سـەر سـندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بە بەڵێ بدەین بۆ سـەربەخۆیی، تا ببین بە خاوەن دەوڵەتی سـەربەخۆی خۆمان بۆ ئەوەی لە رووی وەرزشیشـەوە هەڵبژاردەی کچانی کوردسـتان لە تۆپی پێ دابمەزرێ، ئێمەش یەکێك بین لە یاریزانەکان و بە ئاڵای خۆمان بەشـداری لە کێبڕکێیە نێودەوڵەتییەکان بکەین. مافێکی سرووشـتیی هەموو میللەتێکە کە دەوڵەتی خۆیان هەبێت، کوردستانیش ببێتە دەوڵەت، باوەڕم وایە وەرزشیش لەم چەقبەستووییە دەردەچێت و دەتوانین ئامانجی خۆمان بپێکین، بۆیە وەکو کچە کوردێك داواکارم لە هەموو وەرزشکاران دەنگ بە بەڵێ بۆ ریفراندۆم بدەن.



رۆزا یونس:

یاریزانی کاراتێ لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# ئاواتی هەموو وەرزشوانێک ئەوەیە یاری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بکات

یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام گرنگی بە سەرجەم یارییە وەرزشییە جۆراوجۆرەکان دەدات لە شاری سلێمانی و تیپی کاراتێ-ی یانەکەش یەکێکە لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لە هەردوو ئاستی کچان و کوڕان خاوەن چەندین یاریزانانی بەتوانایە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان رۆزا یونس-ە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری سلێمانییە و بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە پاڵەوانیەتییە نێوخۆیەکانی کوردستان و عێراق، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

• ئاستی یاری کاراتێ لە کوردستان چۆن دەبینی؟

- بە هۆی زۆربوونی یاریزانان لەم یارییە، تا رادەیەك لە چاو ساڵانی پێشوو بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینینەوە.

• ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟

- تا رادەیەکی زۆر دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئاستی ئەم یارییە دابەزێت و زیاتر بەرەوپێش نەچێت، ئەوەش کاریگەری لەسەر سەرجەم یاریزانان و یانەکانیش دەبێت.

• پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری کاراتێ-ی کچان بەرەوپێش بچێت؟

-کردنەوەی خول و پاڵەوانیەتیی بەردەوام بۆ یاریزانانی کچ و کوڕی یانەکان و مەشقی بەردەوام و دابینکردنی پێداویستییەکانی وەرزشی بۆ یاریزانان ئەوانە هەموو هۆکارن بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە زیاتر بەرەوپێش بچێت و یانەکانیش گرنگی بە یاریزانانی ئاستەکانی تەمەن بدەن.

• گرفتی یارییەکانی کاراتێ زیاتر لە چی دەبینی؟

- کەمی پێداویستیی وەرزشی و هەروەها گرنگینەدان بەم یارییە بەپێی پێویست لە چاو یارییەکانی دیکەی وەرزشی.

• لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟

- تا ئێستا نەخێر.

• بەنیازی بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك چی بکەیت؟

-هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە بچمە ریزی یاریزانە جیهانییەکانەوە و بتوانم لەوێ ئاستی شایستە پێشکەش بکەم.

• لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن لەسەرجەم یارییە جۆراوجۆرەکان؟

-وەکو یاریزان لەگەڵ ئەوەدا نیم پشت بە یاریزانانی بیانی ببەسترێت، بەڵام دەکرێت پشت بە راهێنەری بیانی ببەسترێت لە کاتێکدا ئاستی راهێنەرە کوردەکان وەکو پێویست نەبێت.

• بۆچی لەناو ئەو هەموو یانەیە، یانەی پێشمەرگەی سلێمانیت هەڵبژاردووە؟

-ناوبانگ و ئاستی کاراتێ-ی یانەی پێشمەرگەم بە سەرکەوتوو بیستووە، بۆیە ئەم یانەیەم هەڵبژاردووە.

• داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟

-گرنگی زیاتر بە یاری کاراتێ بدرێت و لەسەر ئاستی کوردستان خول و پاڵەوانیەتی بکرێتەوە بۆ یاریزانان، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنایەتیمان هەبێت لەگەڵ دەرەوە بۆ ئەوەی بوونی خۆمان بسەلمێنین.

• وەکو یاریزانێك خەونی وەرزشیت چیە ؟

-رۆژێك لە رۆژان ببمە پاڵەوانی جیهان و ئۆلۆمپیاد.

• بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟

-بێگومان هەموو یاریزانێك ئەوە بەشێکە لە خەونەکانی یاری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بکات و ئەوە ئاوات و خەونی گەورەی منیشە.



• لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟

- تاوەکو ئێستا بانگهێشت نەکراوم.

• بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟

- ریکا ئوسامی

• ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟

-دەستخۆشی لە گۆڤاری گوڵان دەکەم و هیوادارم بەردەوام بن لە پاڵپشتیکردنی یاریزانان لە رێگای کاری راگەیاندنەوە بەسەریان بکەنەوە.

# ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانی لیڤەرپوڵی ئینگلیزی تێپەڕاند

یانـەی ریـاڵ مـەدریـد ژمـارەی نازناوەکانـی لە جامی سـوپەری ئەورووپـا کردە چوار نازنـاو و پێش یانەی لیڤەرپوڵ کەوتەوە.

یانـەی ریـاڵ مـەدریـد بـۆ دووەمیـن جـاری یـەک لـە دوای یـەک نازنـاوی جامـی سـوپەری ئەورووپای دەستەبەرکرد، ئەوەش دوای ئەوەی بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ سەرکەوتنی بەرانبەر یانەی مانچستەر یونایتد تۆمارکرد .

بە دەستەبەرکردنی ئەو نازناوە یانەی ریاڵ مەدرید هاوشانییەکەی لەگەڵ یانەی لیڤەرپوڵ کۆتایی پێهێنا، کە ئەمەی دووەمیان هەگبەکەی سێ نازناوی جامی سوپەری ئەورووپای تێدایە .

لـە ئێسـتادا یانـەی ریـاڵ مـەدریـد لـە رووی دەسـتەبەرکردنی نازنـاوی جامی سـوپەری ئەورووپـا لە پلەی سێیەمدایە ، میلان و بەرشلۆنە هەریەکەو پێنج جار نازناوەکەیان دەستەبەرکردووە .

یانەی شاهانە لە ساڵانی (٢٠٠٢، ٢٠١٤، ٢٠١٦، ٢٠١٧) نازناوی جامی سوپەری ئەورووپای بەدەستهێناوە.

# سیمیدۆ باسی شەڕەکەی خۆی و نیمار دەکات



نیلسـۆن سـیمیدۆی یاریزانـی نوێـی یانەی بەرشـلۆنە بێدەنگـی شـکاند و باسـی رووداوی شـەڕ کردنەکـەی لەگەڵ نێیمار دا سیلڤا کرد .

یاریزانـە پورتوگالییەکـە لـە لێدوانێکـدا بە پێگەی گلۆبـۆ سـپۆرتی راگەیانـدووە رووداوەکـە بـووە بـە بەشێک لە رابردوو.

گوتـی: مـن هیچـم لـە نێیمـار نەکـرد ، تەنیـا بەریەککەوتنێکی ئاسـایی کاتی راهێنانەکان بوو، بـەڵام نێیمـار فشـاری راگەیاندنەکانـی لەسـەر بـوو، کارەکـەی بەشـێوازێکی بـاش تەواوبـوو هیـوای سـەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

سـیمیدۆ دڵخۆشی خۆی بە بەشداریکردن لەیـاری یانەکـەی بەرامبـەر یانـەی چابیکوینسـی بەرازیلی ئاشـکرا کردو رایگەیانـد چابیکوینسـی یانەیەکی باشن، ئەوان بەرانبەر باشترین یانەی جیهان یارییان کـرد ، زۆر دڵخـۆش بـووم بە بەشـداری کردن لەو یارییەدا.

گوتی: چابیکوینسـی توانای گـەورەی تێدایە، ئـەوان خۆیـان بنیات ناوەتەوەو بەباشـی کار دەکەن (سـاڵی رابـردوو زۆرینـەی ئەندامانـی تیمەکـە لـە روداوی کەوتنـە خـوارەوەی فڕۆکـە گیانیـان لەدەستدا) .

لـە راهێنانـە ئامادەکارییەکانـی یانـەی بەرشـلۆنە بـۆ وەرزی نـوێ لـە ئەمەریـکا سـیمیدۆ لەگـەڵ نێیمـار بەتونـدی بەریـەک کەوتـن و بـەو هۆیەشـەوە نێیمار هێرشـی کردە سەر یاریزانە پورتوگالیەکـەو دواتریش ر ا هێنا نە کا نی بەجێهێشت.



# میسی بووە باشترین یاریزان

سـەنتەری توێژینـەوەی مێژوویی بـۆ ئامارەکانی تۆپی پێ، توێژینەوەیەکی نوێی ئەنجامداوە لەسـەر باشترین یاریزانەکانی مێژووی لالیگای ئیسـپانیا، تێیدا لیۆنێل مێسـی پێش هەموو ئەفسانەکانی ریاڵ مەدرید و سـەرجەم یاریزانەکانی یانەکانی ئیسپانیا کەوتووە.

رۆژنامەی سـپۆرتی ئیسـپانی ئەو توێژینەوەیەی بڵاوکردووە لیۆنێل مێسی ئەرژەنتینی و گۆڵکاری یانەی بەرشلۆنە پلەی یەکەمی باشترینەکانی مێژووی لالیگای گرتووە، ئەوەی جێی سـەرنجە کریستیانۆ رۆناڵدۆی رکابەری مێسـی و گۆڵکاری یانەی شاهانە پلەی ١٧ی ریزبەندییەکەی گرتووە.







## کافۆی بەرازیلی چووە بۆردۆی فەرەنسی

یانەی بۆردۆی فەرەنسی گرێبەستی لەگەڵ کافۆی بەرازیلی و یاریزانی یانەی لۆدۆگۆرێتسی بولگاری واژوو کرد.

سەرچاوەیەک لە یانە بولگارییەکە بە ئاژانسی دەنفنیکی راگەیاندووە گفتوگۆکان لەسەر گواستنەوەی کافۆ تەنیا ماوەی دوو رۆژی خایاندووە.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ یانەی بۆردۆ بەرانبەر شەش ملیۆن یۆرۆ گرێبەستی لەگەڵ کافۆی تەمەن ٢٢ ساڵدا واژوو کردووە .

هەفتەی رابردوو یاریزانەکەی لۆدۆگۆرێتس گەیشتە فەرەنساو بەفەرمی واژووی لەسەر گرێبەستەکەی کرد و یانە بولگارییەکەش راستەوخۆ تەواوی پارەی گرێبەستەکەی وەردەگرێت .

جۆناسان کافۆ لە ساڵی ٢٠١٥دا و بەگرێبەستێک کە نرخەکەی دوو ملیۆن و ٢٠٠ هەزار یۆرۆ بوو لەیانەی ساوپاولۆی بەرازیلییەوە پەیوەندیکرد بە یانەی لۆدۆگرێتسی بولگارییەوە.



## لە مێژووی خولی ئیسپانیا

لەو ریزبەندییەدا رائول گۆنزالێسی ئیسپانی و ئەستێرەی پێشووی یانەی ریاڵ مەدرید کە لە ساڵانی ١٩٩٤ بۆ ٢٠١٠ درێسی یانەی شاهانەی پۆشیوە پلەی دووەمی لە دوای مێسیەوە لە ریزبەندییەکەدا وەرگرتوە.

پلەی یەکەم تا دەیەمی ریزبەندییەکە:

١- لیۆنێل مێسی (بەرشلۆنە)
٢- رائول گۆنزالێس (ریاڵ مەدرید)
٣- سیزار رۆدریگێز (بەرشلۆنە – لیۆنیسا - ئالتشە)
٤- تیلمۆ زارا (ئەتلەتیک بلباو)
٥- ئینریکی کاسترۆ کوێنی (خیخۆن و بەرشلۆنە)
٦- خوان ئارزا (ئالاڤێس – مەلەگا – سیڤیا - ئەلمیریا)
٧- دی ستیڤانۆ (ریاڵ مەدرید)
٨- باکۆ خینتۆ (ریاڵ مەدرید)
٩- کارلۆ سانتینا (ریاڵ مەدرید)
١٠- گێرمۆ گۆرستیزا (بلباو و ڤالێنسیا)

